ئەفسەرێکی کۆماندۆی کوردستان لە ڕووبەڕووبوونەوەی لەگەڵ گرووپێکی قاچاخچی گیانی لەدەستدا



فەرماندەیی هێزەکانی کۆماندۆی کوردستان گیان لەدەستدانی ئەفسەرێکی کۆماندۆی ڕاگەیاند، کە لەکاتی ڕووبەڕووبوونەوەی هێزەکانی کۆماندۆ و چەند قاچاخچییەکی شوێنەواران لە گەرمیان گیانی لەدەستداوە.

لە ڕاگەیەندراوێکدا ئەمرۆ پێنجشەممە (25ـی نیسانی 2024)، فەرماندەیی هێزەکانی کۆماندۆی کوردستان بڵاویکردەوە، دوای بەدەستهێنانی زانیاری وردی هەواڵگری لەسەر باندێکی قاچاخچێتی چەک و شوێنەوار لە گەرمیان، درەنگانی شەوی ڕابردوو 25ـی نیسانی 2024 تیمێکی هێزەکانمان لە ناوچەی ساڵح ئاغا - ناحییەی قەرەتوو، لە سەعات 12:38 خولەک بۆسەیەکیان بۆ ئەو باندە دانا، کە بەنیازبوون ژمارەیەک چەک و پارچە شوێنەوار ڕەوانەی دەرەوەی هەرێم بکەن.

لە ڕاگەیەندراوەکەدا هاتووەش، لەکاتی تێپەڕینی ئۆتۆمبێلەکانیان ڕووبەڕووبوونەوە لەنێوان هێزەکەمان و ئەو تۆمەتبارانە ڕوویدا و پێشمەرگەیەکی کۆماندۆ بەناوی ئەیوب مەحەممەد عەلی شەهید بوو.

هەروەها ئەوەش خرایەڕوو، لەو ڕووبەڕووبوونەوەیەدا دەستیان بەسەر چەند پارچە شوێنەوار و دوو ئۆتۆمبێل و ئەو چەکانەشدا گرت، کە باندەکە بەنیازبوون ڕەوانەی دەرەوەی هەرێمی کوردستانی بکەن، هاوکات یەکێک لە تۆمەتباران لە ڕووبەڕووبوونەوەکەدا کوژرا و یەکێکی دیکەیان دەستگیرکرا و تۆمەتبارێکی دیکەش هەڵهات.